**کۆلێژی پەروەردەی مەخمور**

**بەشی زمانی کوردی**

**قۆناغی سێیەم**

# بابەت / زمانەوانی گشتی

**م.میدیا جەلال مەجید**

**ناوەڕۆک**

**پێناسەی زمانەوانی**

**زاراوەی زانستی زمان (زمانەوانی)**

**لقەکانی زمانەوانی**

**زمانەوانی پراکتیکی، زمانەوانی تیۆری**

**پێناسەی زمان**

**زاراوەی زمان**

**زمان چۆن کاردەکات**

**زمانەوان کێیە ؟**

**توێژینەوە لە زمان لە ڕووی کاتەوە**

**جیاوازی نێوان زمانەوانی و فیلۆلۆجی**

**گرنگی زمان**

**ئامانجی زمانەوانی**

**واتای فراوانی زمان ، واتای تەسکی زمان**

**ڕێبازەکانی زمانەوانی**

**گریمانەکانی پەیدابوونی زمان**

**-گریمانەی دەنگە سروشتییەکان**

**-گریمانەی غەریزەی تایبەت (بانگ و قیژەو هەست دەربرین)**

**-گریمانەی بزاوتن**

**-گریمانەی مۆسیقا**

-زمان کردەیەکی خواییە

-گریمانەی ڕێکەوتن

-گریمانەی کۆمەڵایەتی

هەندێ لە تایبەتییەکانی زمان

ئەرکەکانی زمان

-زانیاری و هەواڵگەیاندن

-پرسیارکردن

-ئەرکی هەست دەربڕین

-ئەرکی هەست دروستکردن

-ئەرکی فەرماندان

-ئەرکی ڕاپەڕاندن

-ئەرکی جێخۆشکردن

زمانەوانی سەدەی بیست

زمانەوانی لای کورد

زمانی کوردی لەرووی مێژووەوە

قۆناغەکانی زمانی کوردی

-زمانی کوردی کۆن (دێرین)

-زمانی کوردی ناوەڕاست

- زمانی کوردی شێوەزار

- قۆناغی نوێی زمانی کوردی

**قوتابخانە زمانەوانییەکان**

**پێناسەی زمانەوانی**

**زانایانی زمانەوانی** (Linguistics) **هاوچەرخ زمانەوانی بەوە پێناسە دەکەن زمانەوانی لێکۆڵینەوەیە لە زمان،. توێژینەوەیەکی زانستیانەی زمانە هەر بۆیەش زاراوەی زانستی زمانی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەم پێیە زانستی زمان دابەش دەبێتە سەر دو زاراوە (زانست) و (زمان).**

**زمان:** ( Language) : **ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵ لە رێگای بەهێماکردنی ئەو شتانەی دەوروبەری بەکاریدێنێت.**

**زانستی:** Scientific

**رێبازێکە و توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆ توێژینەوە لە رواڵەتێک لە رواڵەتەکان بە دوو رێکار** :(Procedures)**رێکاری (هەستکردن و ئەقڵی)، رێکارە هەستییەکان لە رێگای هەستەکانەوە وەردەگیرێن بریتین لە تێبینی راستەوخۆی توێژەر بۆ دیاردەیەک و رێکارە ئەقڵییەکان لە رێگای شارەزاییەوە وەردەگیرێت بریتیە لەو یاسا و رێسایانەی توێژەر هەڵیدەچنێ لە تێبینییەکانی وەیا ئەزمونەکانی، لایەنی ئەقڵیش لە سەروی لایەنی هەستییەوەیە، لایەنی ئەقڵی لەسەر دو پرۆسە بنیات دەنرێت و بە کرۆکی رێبازی زانستی دادەنرێن:**

**أ- داماڵین:** (Divestiture)

**لە بیرکردنەوەی زانستیدا زانینی بەشێک لە گشت بە زانست دانانرێت، چونکە گوزارشتی تەنها بەشەکەیە، بۆ نمونە لە بواری زمانەوانیدا تایبەتمەندی زمانی کوردی جیاوازە هەمان تایبەتمەندی زمانەکانی تری وەک عەرەبی یاخود ئینگلیزی نییە، بەم پێیە توێژینەوەی زانستی زمانێک ناتوانرێت بگشتێنرێت بۆ زمانێکی تر.**

**ب- گشتاندن: (Generalization)**

**توێژینەوەکان دەبێت گشتگیربێت و تەنها لایەنێک نەدرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە ، بەڵکو دەبێت هەمو لایەنەکان لێی بکۆڵرێتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە ی زمان دەبێت هەمو لایەنەکانی زمان بگرێتەوە وەک، زمانی نوسین، زمانی قسەکردن، زمانی ئەدەبی، زمانی ستاندەرد،...هتد**

**پێناسەی زمان:**

**تا ئێستا چەندین پیێناسەی جۆراوجۆر بۆ زمان کراوە هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو:**

**چۆمسکی/ زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات.**

**هنری سویت/ زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێک دێت.**

**مارتنێت/ زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتری گەیشتن ، لە چەند دانەیەکی بچووک پەیدا دەبیێت ئەو دانانەش خاوەن واتای خۆیانن.**

**کۆ زمانەوانەکان " دەلێت: ( زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە , کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەت دەست دەدات ,( لە روانگەی کۆمەلایەتی**

**زاراوەی زمان**

**زاراوەی زمان دوو واتای هەیە , واتایەکی تەسک و واتایەکی فراوان , ئێمە لە زمانەوانیدا زۆربەی کات خۆمان بە واتا تەسکەکە دەبەستینەوە.**

**١- واتای فراوانی زمان:**

**أ – هەموو نیشانەکانی ماتماتیک و لۆجیک و ...هتد.**

**ب – زمانی گیانەوەران ( سیستەمی پەیوەندیکردنی ئاژەلان ).**

**ج – سیستەمەکانی بزاوتن , وەک : ( جولەی دەست و دەم و پەو و ...).**

**٢- واتای تەسکی زمان: مەبەستمان زمانی مرۆڤە , واتە زمانی سروشتی , کە بریتییە لە : لەو پەیرەوە دەنگییەی , کە مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا بەکاریدەهێنن بۆ مەبەستی دیاریکراو و پەیوەندیکردن و دروستکردن.**

## زمان چۆن کاردەکات:

**زمان پێویستی بە کەناڵی دەم و گوێ هەیە لەگەڵ چەند پاژەیەکی تر بۆ ئەوەی گەیاندن بێتە ئاراوە وەک: نێرەر ، وەرگر ، کەناڵ ، پەیام ، بابەت ، هێما.(**

**زمان ئەو دەستورەیە کە دەنگ و واتا بەیەک دەگەیەنێت ، دەستور لە زماندا دەنگ و واتا بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، دەستور گرنگی خۆی هەیە لە زماندا بۆ نموونە ئەو دەنگانەی کە لە زمانی کوردی دا هەن هەر هەمان دەنگە لە زمانی تردا هەن بە جیاوازییەکی کەم ، تەنها دەستوری لێکدانیان جیاوازە کە پەیوەستە بە رێککەوتنی کۆمەڵایەتی و هەر ئەمەش وایکردووە کە کوردێک نەتوانێت بە ئینگلیزی یان عەرەبی قسە بکات ، منداڵ لە سەرەتا کە فێری زمان دەبێت دەستوور پێش درکاندن فێردەبێت بەڵگەمان بۆ ئەمە کە داوای شتێکی لێبکەیت بۆت دێنێت ... بۆنموونە کاتێک کە منداڵێک فێری قسە نەبووە بەڵام کە داوای لێبکەیت (ئەم کتَێبەم بۆ بێنە ، وەرە ، برۆ، ئاوەکە مە خۆ......) تێدەگات ، بەڵام بە هەمان دەنگ بە دەستوری زمانێکتر قسە بکەین منداڵەکە تێناگات چونکە دەستوری زمانەکە فێرنەبووە.**

**مێشک رۆڵکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن ، بەشی (برۆکا) بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی زمان ، بەشی ( فێرنیکا) کە بە برۆکاوە نووساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نوسین و قسەکردن.**

**مرۆڤ پاش تێگەیشتن و لێکدانەوە دەیەوێت هەڵوێستی خۆی بنوێنێت، بۆیە روو لە فەرهەنگ مێشکی دەکات و پێویستییەکانی هەلدەبژێرێت لە وشەو رستە بە پێی یاسا مۆرفۆلۆجی و**

سینتاکسسیەکان ئینجا لە ڕێگای کۆئەندامی دەمارەوە (نیۆرۆن) لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە داوە دەمارەکان کە مێشک و ماسولکە بزوێنەرەکانی ئاخاوتن بە یەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ دەمارەکانی بزوێنەری ئەندامی ئاخاوتن و لەناو خانە دەمارەکاندا کارلێک کردنێکی کیمیایی رودەدات و رەوتێکی کارەبایی دروست دەبێت و ماسولکە دەنگییەکانی ئاخاوتن دەبزوێنێت و ئاخاوتن ڕوودەدات .

**زمانەوان کێیە ؟**

زمانەوان ئەو کەسەیە بە شێوەیەکی زانستیانە لە زمان دەکۆڵێتەوە، نەک ئەو کەسەی ژمارەیەکی زۆری زمان بزانێت، زمانەوان شارەزایی لە زمان هەیە و دەتوانێت بنەماکانی دەستنیشان بکات. زمانەوان دورپەرێزە لە هەست و سۆزی زمان و هەمو زمانەکان بەیەک چاو سەیر دەکات، لایەنگیری زمانێک ناکات و زمانەکانیتر بەچاوی سوک سەیر ناکات.

(سۆسێر) پێی وایە زمانەوانی لێکۆڵینەوە یە لە لە خودی زمان و لەپێناوی زمان خۆی، مەبەست چییە لە خودی خۆی؟ زمان بەزمان گوزارشت لەخۆی دەکات و باسی خۆی وەک خۆی دەکات، بۆ نمونە باسکردنی بکەر و بەرکار لە چوارچێوەی زماندایە بۆ خزمەتی زمانە، ئەم تایبەتمەندییەی لەخۆدواندن تەنها لە زمان هەیە. لە لێکۆڵینەوە ی زماندا توێژەر بۆی نییە لە سروشتی بگۆڕێت، هەروەها زمانەوان بۆی نییە تەنها لە لایەنێکی زمانەوانی بکۆڵێتەوە لایەنەکانیتر بە کەم بزانێت و لایەنەکانیتر فەرامۆش بکات بە هەر پاساوێک بێت.

مەبەست چییە لە پێناو خودی خۆی ؟ زمانەوانی لێکۆڵینەوە بۆ خودی خۆی دەکات و لەخۆی دەدوێت، بێ رەچاوکردنی کارتێکەرە دەرەکییەکانی وەک کۆمەڵگا و جوگرافیا و باری دەرونی و کەلتور ...هتد، لێکۆڵینەوە کان بە شێوەیەکی بابەتی بۆ دەرخستنی راستییەکان بۆ خزمەتی زمان خۆی نەک زانستێکی تر ئەنجام دەدرێت، بۆ نمونە لێکۆڵینەوە ی زمانەوانی بۆ ئامانجێکی پەروەردەیی یان کۆمەڵناسی و دەروناسی...هتد ئەنجام نادات

مەبەستی چ زمانێکە ؟ تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، زمانەوانی لە زمان دەکۆڵێتەوە و دەیەوێت بگات بەڕاستی و هەمو ئەو زمانانەی کە بەکارهێنانیان هەیە،

تایبەتمەندییەکانیان و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەستنیشان دەکات، بەم پێیە زمانەوانی دەبێتە لێکۆڵینەوە لە زمانی مرۆڤایەتی بە گشتی .

**توێژینەوەی زمان لە ڕووی کاتەوە:**

١- ئێستایی(سینکرۆنیک): بریتی یە لە توێژینەوە لە زمان لە ئیستای دیاردەکەدا.

٢- مێژوویی (دایاکرۆنیک): بریتی یە لە توێژینەوە لە گۆرانکارییەکان بە درێژایی کات. میتۆدی دێرین میتۆدێکی مێژوویی بوو ، لە چوارچێوەی ئەو میتۆدەدا توێژینەوە بەراوردی سەری هەڵدا.

**جیاوازی نێوان زمانەوانی و فیلۆلۆجی:**

فیلۆلۆجی لە رووی مێژویی و کاتەوە کۆنترە لە زمانەوانی، زمانەوانی زانستە بە پێچەوانەوە فیلۆلۆجی زاستی و ورد نییە، فیلۆلۆجی رێبازەکەی روی مێژویی بەراوردە، بەم پێیە زمانەوانی لێکۆڵینەوەکانی وەسفییە.

زمانەوانی لێکۆڵینەوەی زانستیانەی زمانە بە شێوەیەکی بابەتی و ورد، زمانەوەکانی لێکۆڵینەوەکانی لەخۆیەوەیە و بۆخۆیەتی بە پێچەوانەی فیلۆلۆجی لێکۆڵینەوەکانی لە زمان بۆ گەیشتنە بە داب و نەریت و کەلتور و ئەدەب و مێژویەتی لە رێگای زمان و دەقە زمانییەکان، فیلۆلۆجی تێگەیشتنە لە زمان و رێباز و نهێنییەکانی، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوە لە مەسەلە زمانییەکان لە ئاستەکانی دەنگ و رێزمان و واتا و گەشە و گۆڕانەکانی دەکات بە درێژایی زمان و ئەو تەگەرانەی دێینە رێگای بە بەراورد بە زمان و زارەکانی تر.

ئەو چەمکە زانستییانەی کە زمانەوانی مێژویی باسی لێدەکات سودێکی زۆری لێوەردەگرێت لە دانان و گەشەپێدانی بۆچونە زمانییەکاندا. فیلۆلۆجی لە روی رێبازەوە جیاوازە لە زمانەوانی، فیلۆلۆجی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات بەتایبەتی لە روی مێژوییەوە لە رێگای ئەو تەکنیکانەی زمانەوانی دایهێناوە، وەک هۆکارێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و شارستانییەت لەرێگای زمان بۆیە بۆمان دەردەکەوێت لە فیلۆلۆجی هۆکار و ئامرازە نەک ئامانج.

بوارەکانی فیلۆلۆجی فراوانترە لە زمانەوانی و لەکۆتایدا ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەب و شارستانییەت و لێکۆڵینەوە لە ژیانی ئەقڵی بە هەمو رویەکانەوە، فیلۆلۆجی زمان گرنگی بە دابەشکردنی زمان و بەراوردکردنیان دەدات لەگەڵ رونکردنەوەی دەقە کۆنەکان. لەبەرامبەردا زمانەوانی گرنگی بە پێکهاتەی زمان و شیکردنەوە و وەسفکردنی دەدات.

## ئامانجی زمانەوانی:

زمانەوانی بۆ چەند ئامانجێکە گرنگترینیان:

أ- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردە و بنەمایانەی زمانی لەسەر بنیاتنراوە.

ب- هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی راستی و پێکهاتەکانی و ئەو ئەرکانەی کە لە بوارە جیاجیاکان و لەناو کۆمەڵگادا دەیبینێت.

ج- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چۆنییەتی گەشە و شێوازەکانی گۆڕانی زمان بە جیاوازی نەتەوە لە چەرخە جیاجیاکاندا

د- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانەی بە دیاریدەکانی دەبەستێتەوە وەک : دیاردەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و مێژویی... هتد.

ە- دۆزینەوەی ئەو یاسا و رێسا زمانییانەی کە زمان پابەندییەتی لە دروستبون و گەشە و گۆڕان

## گرنگی زمان:

گرنگترین و سەرەکیترین تایبەتی مرۆڤ لەزیندەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە زمانە، زمان ئەو هۆیەیە رۆژانە بەهەزاران کەس پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لەچۆنیەتی کارکردنی ئەم کەرەسەیە بکەنەوە.

**١- زمان ئامرازێکە و وەسفی شوێن و خەڵک و ڕوداو...هتد دەکات، هەروەها کردەی سەرەکی زمان دەبڕینە لە هەست و سۆز و گەیاندنی بیرەکان لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر کەواتە زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی ئەوەی لەهزری مرۆڤ دایە لەبیرەکان، ئەوەی لە ویژداندا هەیە لەهەست و سۆزدا. بەم شێوەیە بەهۆی زمانەوە پەیوەندی کردن و لەیەکتر گەیشتن دێتەکایەوە.**

**٢- زمان سیستەمی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە لەسەری ڕادێن و پاشان لەسەر ڕێساکانی تایبەت بەو خەڵکە دەق دەگرێ و بەبێ هەڵە بێ ئەوەی زانیاری لەسەر ڕێزمانی زمانەکەی هەبێت زمانەکەی بەتەواوی بەکار دەهێنێت ، و بەپێی گۆڕانکارییەکانی پەرەدەسێنێ و دەوڵەمەند دەبێت چونکە زمان وەک دیاردەیەکی سروشتی ئەگۆڕێ بە تێپەڕینی کات. ئەم گۆرینەش بە هۆی باری جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەڵچەری و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر.**

**٣- بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتەکایەوە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی، کە بەردی بناغەی کۆمەڵن پێکنایەت.**

**٤- زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتور و گەیاندنی زانست و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بێ بونی زمان ناتوانن زانست و زانیاری لە نەوەکانەوە بگوێزنەوە .کۆمەڵ هەر وەک کۆمەڵگای سەرەتاییەکان دەمینێتەوە و شارستانیەت بەردەوام نابێت.**

## ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی:

### ١-ڕێبازی پێوەری:

**-ئەم ڕێبازە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ و ئەفلاتوون. لەم ڕێبازە دا هەندێک یاسا و پێوەری نەگۆ هەنە پێویستە ڕەچاو بکرێن، نابیت لەم یاسا پێوەرانە لای بدەیت، هەرە یاسایەک لەسەر ئەم پێوەرە بەڕێوە نەچوو بە راست هەژمار ناکرێ.**

**بنەماكانی ئەم رێبازە:**

١- زمان نەگۆرە. ئەوان پێیان وابوو زمان جێگیرە و ناگۆرێت بۆیە لێكۆڵینەوەكانیان لەسەر زمانی (یۆنانی و لاتینی)بوو.

٢- چەند یاسایەكی جێگیر هەن پێویستە پەیڕەو بكرێن.

٣- لایەنگرانی ئەم رێبازە چەند بریار و حوكمێكیان بۆ زمان دانانە ، بە ڕای ئەم بریار و حوكمانە راستی زمان دەنوێنن ، بۆیە پێویستە بەسەر قسەكەران دا بسەپێنرێن.

٤- لایەنگرانی ئەم رێبازە، ئەم رێبازە لە بواری خوێندن و فێركردن دا پەیرەو دەكەن. پشتیان بەزمانی قسەكردن نەدەبەست.

٥- ئەو نموونەلەم رێبازەدا پەیرەو دەكرا، دەبوا لەو پەڕی باڵای دابن لە رووی ئاخاوتن و دركاندندا، ئەمانەش زۆر دەگمەن لە زمان دەبیستران.

٦- زانا و لایەنگرەكانی ئەم رێبازە، نموونە بەرزی ئەدەبی وەک (شعر و پەخشان)كردبووە داتای لێكۆڵینەوە ، واتا لە لێكۆڵینەوە دا پشتیان بە نووسین دەبەست.

**٢- رێبازی وەسفی:**

ئەم رێبازە لەسەر دەستی (فریناند دیسۆسیر)لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا ، لەم رێبازە دا پێویستە زمان وەک خۆی وەسف بكرێت.

سەرەتا پێویستە كەرستەكانی لێكۆلینەوە كۆبكرێتەوە لەدواییدا وەسف بكرێت یاسایان بۆ دارێژرێت.

ئەم هەنگاوانەی كە لێكۆلەر ئەنجامی دەدات لەرێبازی وەسفی :

هەنگاوی یەكەم: لێكۆلەر پێویستی كەرەستەكانی یان داتاكانی زمان كۆبكاتەوە .

هەنگاوی دووەم : وەسفی ئەو كەرستانە بكات.

هەنگاوی سێیەم : یاسا بۆ كەرستەكان دەدۆزرێتەوە.

**بنەماکانی ڕێبازی وەسفی:**

**١- دیاری کردنی شوێنی لێکۆڵینەوەکە:**

**لە لێکۆڵینەوەی وەسفیدا پێویستە ئەو شوێنەی لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت دیاری بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دیاردە و داتا جیاوازی دژ بە یەک نێتە ناو لێکۆڵینەوە چونکە ئاشکرایە بە پێ شوێنی جوگرافی دیاردە زمانیەکان دەگۆری باشترین بەڵگە کە لەبەر دەستمان بێت بوونی زار و شێوازاری جیاوازی لە شوێنە جوگرافیە جیاوازەکان.**

**٢-دیارکردنی کاتی لێکۆڵینەوە:**

**لەو ڕێبازە پێویستە کاتی لێکۆلینەوەکە سنووردار بێت بکرێت بۆ نموونە (لێکۆڵینەوەیەک دەکەی بە ناوی لادانی زمانی لە گۆڤاری رامان لە نێوان سالآنی (2000 - 2010)بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە لادانە زمانیەکان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەوە دیاری بکەین لەبەر ئەوەی دیاری نەکردنی کات دیاردەی جۆر و بەجۆر دێنێتە ناو لێکۆلینەوەکان ئەگەریشی هەیە پەل بهاوێت بۆ لێکۆڵینەوە مێژویی).**

**٣-دیارکردنی ئەو ئاستەی زمان کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت:**

**ئاستی زمان: ئاستی قسەکردن ، ئاستی کەرستەکانی زمان**

**جگە لە دیاری کردنی کات و شوێنی پێویستە ڕەچاوی ئاستی زمانیش بکەین بۆ نموونە:**

**أ- ئاستی قسەکەر:**

**بریتی یە لە وەرگرتنی ئەو نموونانەی کە وەکو داتا لە لێکۆڵینەوەدا بەکاردێن پێویستە رەچاوی چینی قسەکەرەکە بکرێت واتا ئایا قسەکەر لە ئاستی رۆشنبیری بەرز دایەیانیش لە ئاستێکی دایە رووی ئەمەوە لە ئاستی سەرەتایی دا یا لە ئاستی زانکۆ، چونکە داتاکان بەپی ئەو ئاستانەی سەرەوەیە کەیاسمان کرد و و گۆرانی بەسەر دادێت.**

**ب-     ئاستی کەرەستەکانی زمان:**

**بریتی یە لە رەچاوکردنی ئەو کەرەستانەی کە لە لێکۆڵینەوە پشتیان پێ دەبەسترێت ئایا کەرەستە سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجین یان سەر بەئاستی فۆنۆلۆجین یان بە ئاستی رستە سازین یان واتا سازی کەوا بە پێ ئاستەکانی لێکۆڵینەوەکانی دەگۆرێ.**

| ژ | رێبازی پێوەری | ژ | رێبازی وەسفی |
|---|---|---|---|
| 1 | یاسای زمانی نەگۆرە | 1 | کاتێك ئەو رێبازە کارا دەبێت دیاردەیەکی زمان گۆرانی بەسەر داهاتبێ کەوا لە رێبازی وەسفیدا زمان دەگۆرێ |
| 2 | رێبازێکی کلاسیکی کۆنەکان | 2 | دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی سەدەی بیستەم ساڵی 1916 لەسەر دەستی (فردنیات دی سۆسێر) |
| 3 | لەگەڵ سەرهەڵدانی رێبازی وەسفی لە کارکەوت واتا کەمتر بەکارهات لە لێکۆلینەوەی زمانەوانی دا | 3 | رێبازی وەسفی تا ئیستاش بەبلاوترین ریباز دەژمێردرێت لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا وە زۆربەی رێبازەکانی تر پشت بەم رێبازە دەبەستن. |

**٣- ڕێبازی مێژوویی:**

**ئەمانە دەگرێتەوە          دەنگسازی مێژووی**

**مۆرفۆلۆجی مێژوویی**

**ڕستەسازی مێژوویی**

**واتا سازی مێژوویی**

- **ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانەکانی زمان لە ئاستی دەنگسازی و ووشەسازی ڕستەسازی و واتاسازی دەکا لە ڕووی مێژووییەوە.**
- **ئەم ڕێبازە لەسەدەی (18) پەیدا بوو لە سەدەی (19)لە ئەڵمانیا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.**
- **لێکۆڵینەوە لەم ڕێبازە بەشێوەی مێژووییە دەبێتە پرسیار و وەڵام ژێرەوە.**
- **واتا لە چەرخی جیادا و لە یەک شوێن و ئاستی زمانی دا لە دوای دیاردەیەک دەگەڕێت هۆکارەکانی گۆڕانی ئەم دیاردەیە زمانییە دیار دەکات.**
- **لێکۆلینەوە مێژوویی پشت بە لێکۆلینەوەی وەسفی دەبەستێت، واتا بەبێ بوونی لێکۆلینەوە وەسفی لێکۆڵینەوە مێژوویی ئەندام نادرێت.**

**بۆچی ڕێبازی مێژووی پشت بە ڕێبازی وەسفی دەبەستێت؟**

**وەڵام: چونکە کۆی لێکۆڵینەوە وەسفیەکان یەکسان بە لێکۆڵینەوە مێژوویی تا زمانەوان شارەزایی لێکۆڵینەوەی وەسفی نەبێت ناتوانێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بکات.**

**-بنەماکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی:**

**١- پشت بە وەسفکردنی دیاردەکانی زمان دەبەستێت لە دوو سەردەمی جیاواز یان یەک شوێنی دیاری کراودا، بەمەرجی گۆڕانەکی زمانی دیاریکراو ڕوویدا بێت و هەستی پێ بکرێت ، واتە لەم**

**ڕێبازە دا جەخت لەسەر کات ناکرێتەوە بەڵام دەبێت شوێنی لێکۆڵینەوەکە دیار بکرێت بە هەمان شێوە ئاستی زمانی لە لێکۆڵینەوە کە دیاری ناکرێت.**

**٢- ئەو ئاستە زمانە کە لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە دەکرێت لە دوو سەردەمە جیاوازەکە پێویستە دیاری بکرێت.**

**٣- دەبێت سنووری ئەو شوێنەی کە دیاردە زمانییەکەی لێ وەردەگیرێت دیاری بکرێت ، لەبەر ئەوەی فراوانی شوێن دەبێتە هۆی بوونی نموونەیی جیاوازی ئەمەش دەمانبات بەرەو ڕێبازی تر لە لێکۆڵینەوە دا . واتە چەندی فراوانی شوێن و کەمتر بێت کۆنترۆڵ کردنی ئاسانە.**

**تێبینی //**

- **لە ڕێبازی مێژوویی ئاستی قسەکەرمان نیە ، چونکە رابردووە و تۆمار نەکراوە ، بەڵام لە وسفی دا هەیە.**
- **لە مێژوو کات نییە ، بەڵام لە وەسفی دا کات هەیە.**

**٤-ڕێبازی بەراوردکاری :**

**.زمانەوان بە پێی ئەم ڕێبازە دو زمان یان زیاتر بەراورد دەکات و خاڵی لێکچو و جیاوازیان دەستنیشان دەکات و دیاردە هاوبەشەکان کۆدەکاتەوە و پێی وایە بنچینەی زمانی دایکە.**

**سەرەتای سەرهەڵدانی زمانەوانی بەراورد دەگەڕێتەوە بۆ تێبینییەکانی (ولیەم جۆنز) دەربارەی لێکچون و جیاوازی (سەنسکریت) ی و (گریک) ی و (لاتین) ی لە ساڵی (1786) تێبینی ئەوەی کرد زمانی سانسکریتی خاوەن ڕۆنانێکی سەیرە زۆر لە یۆنانی تەواوترە لە لاتینی وردتر و پاراوترە، لە رەگی کار و ڕێزماندا لەیەک دەچن و لێکچونەکەش ئەوەندە زۆرە ناتواندرێت بدرێتە پاڵ ڕێکەوت . ولیەم جۆنز وای بۆ دەچو کە ئەم زمانە لە یەک سەرچاوە هەڵقولاون، دوای ئەم هەوڵە هەمو زمانەوانانی سەدەکە بەم رایە گۆڕدرا و هەوڵەکانیان بۆ سەلماندن و وردبونەوە و فراوانکردنی ئەم بیرەبو.**

**پوختەی ئەم رێبازە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕو:**

+باس لەوەدەکات هەرکۆمەڵە زمانێنێک سەربەخێزانە زمانێکە.

+دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان زمانە بەراوردکارەکان . ئەمەش بە داهێنەری زمانەوانەکان دادەنرێت، چونکە دەکەوێتە سەر توانی زمانەوان.

+گۆڕانکارییەکانی زمان بە پێی کات دەخاتەڕو تا دەگاتە شێوەی نویێ.

+یارمەتیمان دەدەات فێری زمان ببین بە شێوەیەکی سانا و خێرا.

+پشت بە پۆلینکردنی زمان بۆ خێزانە زمانەکان دەبەستێت لەسەر بنەمای خاڵی لێکچون و جیاواز.

+لە رێگای ئەم رێبازەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی وشەی فەرهەنگی .

**٥- رێبازی بەرامبەری:**

ئەم رێبازە ئامانجی کۆمەڵێک بەراوردکاری زمانەوانییە لە نێوان دو زمانی سەربە دو خێزانی زمانی جیاواز. وەک زمانی کوردی و عەرەبی . ئەم بەراوردە هەمو ئاستەکانی دەنگ و رێزمان و واتا دەگرێتەوە بۆ ئاشنابون بە خاڵە جیاوازەکانی نێوانیان بۆ ئاسنکردنی فێربونی زمان.

ئەم رێبازە دوای ئەوە هات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجی فێربونی زمان بو بە پێویستییەکی سەردەم . بۆ ئەو مەبەستە زانکۆ و پەیمانگاکان بواری ئەوەیان رەخساند ئەم رێبازە یارمەتیدەربێت بۆ فێربونی زمان .

**پوختەی ئەم رێبازە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕو:**

**+دیاریکردنی دو زمانی جیاواز لە خێزانی زمانی و دیاریکردنی ئاستەکەی ئایا زمانی ستاندەردە یان زمانی بازاڕی.**

**+بەرامبەرکردنی دو سیستەمی زمانی جیاواز بابەتی ئەم جۆرەی زمانەوانی بەتایبەتی زمانی دایک و ئەو زمانەی دەیەوێت فێری ببێت.**

**+دەنوانرێت بەرامبەری نێوان دوزمانی یەک خێزان وەیا خێزانێکی جیاوازدا بکرێت.**

**+لە رێگای ئەم رێبازە دەتوانرێت کاری وەرگێڕان ئاسانتربکرێت و رێگایەکی ئاسان بدۆزرێتەوە بۆ هاوشانیکردنی وشە بەرامبەرەکان.**

**+دەتوانێ ئەم رێبازە یارمەتیدەربێت بۆ زانینی تایبەتمەندی زمان و چۆنییەتی وەرگرتنی و هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی و فێرکردن و ئاسانکردنی وەرگرتنی زمانی دوەم**

**لەبەر چی رێبازی بەراوردی و رێبازی بەرامبەر پشت بە رێبازی وەسفی دەبەستن؟**

**وەڵام :لەبەر ئەوەی هەر لێکۆڵینەوە بەرامبەر بێت یان بەراوردکاری بەر لەوی خاڵی هاوبەش و جیاوازیان بزانرێت پێویستە پێشتر شارەزایمان هەبوو بێت لەسەر داتاکان.**

**٦- رێبازی ئەرکی :**

**-ئەو ڕێبازە بۆ چارەگی سەدەی بیستەم دەگەرێتەوە ,کە کاریگەربوون و بە بۆچونەکانی سۆسێرو بونیاتگەرەکان .**

**-تایبەتییەکانی :**

**١- زمان وەک پەیرەوێکی پەیوەندی کردن و تێگەیاندن دەبینێت.**

**٢- گرنگی بە واتا دەکات نەک رۆنان و پێکهاتن.**

٣- رێزمان بەو مەبەستە دێتە شیکردنەوە تا بزانین ، گوێگر و قسەکەر چۆن واتاکان دەگەینن.

٤- لە جیاتی رێزمانی و نارێزمانی جەخت لەسەر پەسەندی و ناپەسەندی ووشە وفۆرمەکان دەکات جەخت لەسەر واتا و ئەرکیان دەکاتەوە.

٥- کار لەسەر ئەرکی توخمەکانی زمان دەکات.

٦- گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدەت.

-ئەرکی ڕێزمانی :

رێزمانی ئەرکی کردەکان(کارەکان)بە پێ ی ئەرک و واتایان دابەش دەکات بە پێی جۆری کردەکانیش کە ڕستەکان ناوی لێ دەنێ ئەمانە دەگرێتەوە, وەک(کردەی مادی , کردەی بەدەر لە دەسەلات, کردەی گەیاندن, کردەی بوون, کردەی پەیپێبردن).

-بنەماکانی رێبازی ئەرکی :

(قسەکەر, گوێگر, پەیام, کۆد , کەنالی گەیاندن, دەوروبەر).

**لقەکانی زمانەوانی**

زمانەوانی تیۆری و پراکتیکی:

أ- زمانەوانی تیۆری:Theoretical Linguistics

زمانەوانی گشتی بۆ ئەم جۆرەی زمانەوانی بەکاردێنن. زانستێکە لێکۆڵینەوە لە بیردۆز و پرۆگرام و دیاریدە زمانەوانییەکان و گەشەی زمانی مرۆڤ بە پێی ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی و واتاسازی لە کۆن و نوێدا لە گشت زمانەکاندا دەکات سەرەڕای ئەمانەش باس لە رێبازەکانی لێکۆڵینەوە و دەسکەوت و کەموکوڕیان لە زماندا دەکات وەک رێبازی مێژویی و وەسفی و بەراورد و بەرامبەری.

ئاستەکانی زمان

**زمانەوانەکان زمانیان دابەشکردووە بۆ سێ ئاستی سەرەکی کە هەریەکەیان لە دوو ئاستی تر پێک دێن**

| ئاستی دەنگسازی | | ئاستی ڕێزمان | | ئاستی واتاسازی | |
|---|---|---|---|---|---|
| فۆنەتیک | فۆنۆلۆجی | وشەسازی | ڕستەسازی | واتا | پراگماتیک |

**ئاستی دەنگ سازی (دەنگ) / ئەو ئاستەیە کە لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە . لە دوو ئاست پێک دێت:**

**أ-ئاستی فۆنەتیک :**

**لێکۆڵینەوەیە لە دەنگەکان بە شێوەیەکی گشتی. واتە ((چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکان و گواستنەوەی دەنگەکان بە هەوادا و وەرگرتنی دەنگەکان لە لایەن گوێگرەوە))**

**چۆن دەنگەکان دروست دەبێت لەناو دەم و ددان و قورگ وە چۆن ئەم دەنگانە بە هەوادا دەگوازرێتەوە و چۆن گوێگر دەیبیستێ.**

**.فۆنەتیک (Phonetics): "فۆن" واتە دەنگ. فۆنەتیک واتە زانستی ناسینی دەنگ. لە زمانناسی دا، فۆنەتیک بە کۆڵەکەی زانستەکە و ناسینی زمان دەناسرێ. هۆی گرینگایەتی فۆنەتیک لەمە دایە کە زمان لە بنچینەدا بریتییە لە کۆمەڵەێک دەنگ بە پێی یاسایەکی ڕێکوپێک دەنگەکان دروست دەبن، فۆنەتیک لە چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم دەنگانە دەکۆڵێتەوە.ئەم دەنگانە لە کوێ ، زار، زمان و لووت دا ساز دەبن و چۆن ساز دەبن؟ دەوری ئەندامەکانی لەش (زار، زمان، قورگ ، لووت، لێو، ددان و هتد) لە سازبوونی ئەم دەنگانە دا چین؟**

**أ- ئاستی فۆنۆلۆجی**

زانستێکە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆلێتەوە وەك( أ- دروستکردنی بڕگە ، ب- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکان، ج- ئەوگۆرانکاریانەی بەسەردەنگەکاندادێت وەك: لەناوچوونی دەنگ ، جێگۆرکێی دەنگ، گۆرانی دەنگ) .

أ- مۆرفۆلۆجی(وشەسازی)

لیکۆلینەوەیە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە باس لە پێکهاتنی و گۆڕانی (شەو و مۆرفیم) دەکات.

مۆرفیم/ کەرەسەی واتادار یان بێ واتای ڕێزمانی دەگرێتەوە.

( بێ واتای ڕێزمانی  واتە هەموو  ئەمانەی واتایان نییە بەڵام ئەرکی ڕێزمانیان هەیە وەك : پێشگر ، پاشگر، جێناوە لکاوەکان ، ئامرازی پەیوەندی، نیشانەی ناسیاری  ( کە ، ەکە ، بە ، پێ ، مان، تان.....................) ئەمانە هیچ واتایەکیان نییە بەڵام ئەرکی ڕێزمانیان هەیە.

وشە/ فۆرمێکی سەربەخۆی واتادارە لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکدێت.

سینتاکس(ڕستەسازی) / ئەوزانستەیە لێکۆڵینەوە لە سنوری ڕستەدەکات.

بریتییە لە لێکدانەوەی واتا. دوو جۆرە (سیمانتیك ، پڕاگماتیك).

أ- سیمانتیك(واتا): لە دیوی ناوەوەی هێما دەکۆڵێتەوە واتە پەیوەندی ناو  و ناولێنراو

ناولێنراو  واتە ئەو وشتەی کە لە دەرەوەیە بۆنموونە: وشەی (مەڕ ) لە مێشکی مرۆڤ دا هەیە بەم واتایە دێت:

مەڕ/ +هەراش + مێ + ئاژەڵ ، - مرۆڤ - نێر

ئەو ئاژەڵەی کە لە دەرەوەیە کە مەڕەکەیە ئەمە پێی دەوترێ ناولێنراو.

هەروەها واتاسازی لە واتای ڕستەش دەکۆڵێتەوە . بۆنموونە:

پیاوە دەست و پێ سپییەکە هات .

ب- پڕاگماتیك:  بریتییە لە لێکدانەوەی واتا لە دەورو بەری گووتن .

**ب- زمانەوانی پراکتیکی: Applied Linguistics**

**زمانەوانی پراکتیکی لقی دووەمی زمانەوانییە و سود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی گشتی وەردەگرێت و لە بواری زمانی دیاریکراو پراکتیزەی دەکات. ئەم لقەی زمانەوانی پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانیتر دەردەخات وەک : فێرکردنی زمان و زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی جوگرافی و زمانەوانی سیاسی و زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی ... هتد.**

**زمانەوانی تیۆری و کارەکی چەند جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە گرنگترینیان بریتین لە:**

**-دانانی تیۆر لە زمانەوانی تیۆری و پراکتیزەکردنی لە زمانەوانی کارەکی.**

**-زمانەوانی کارەکی بەرجەستەکردنی زمانەوانی تیۆرییە و پێشنیارەکانیی زمانەوانی تیۆری پراکتیزە دەدات.**

**-گرنگی بە پرۆسەی وەرگرتنی زمان دەدات و زمانەوانی کارەکی لە روانگەی بەکارهێنانەوە لە پرۆسەی وەرگرتنی زمان دەڕوانێت.**

**- زمانەوانی کارەکی جێگرەوەی جۆری راسپاردەکان دەخاتەڕو بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی زمان .**

## گریمانەکانی پەیدابوونی زمان

### ١- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان:

**بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەلاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتیەکانەوە پەیدابووە . بۆنموونە دەنگەکانی ئاژەڵ ، ئەودەنگانەی بەهۆی لیدان و بڕین و شکان، دەنگی هاژەی روبار و بروسک..... ) پەیدا دەبن. ئەم گریمانەیە تێمان ناگەیەنێت بۆچی ئەم دەنگە سروشتیانە لە هەموو زمانەکان یەک فورمیان نییە، لەکاتێکدا هەمویان لاسایی دەنگی سروشتین. بۆنموونە بۆچی لە هەموو وڵاتێکدا بە هاژەی ڕوبار ناڵێن (هاژەهاژ.(**

**٢- گریمانەی غەریزەی تایبەت (بانگ و ڤیژەو هەست دەربرین):**

ئەم گریمانەیە پەیدابوونی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو غەریزە تایبەتەی کە لەبنچینەدا هەموو ئادەمیزادێک هەیەتی. بۆنموونە( پێکەنین ، گریان ، هەڵچوون ، ترس ، دڵتەنگی ، دڵخۆشی....) ئەمانە وا لە تا کەکەس دەکات کە هەندێ دەنگی تایبەت دەر ببڕێت. هەر لەبەر ئەوەشە وشەو ڕێگای دەربڕینی وشە لای ئادەمیزادی یەکەم وەک یەک بووە.

**٣- گریمانەی بزاوتن:**

ئاشکرایە لەقاندنی سەرو جولاندنی دەست زور بەر لە قسەکردن هاتوتە کایەوە بەڵگەش بو ئەمە بڵاوی سەر لەقاندن و چاو تروکاندن و جوڵاندنی دەستەکان و هەر جوڵاندنیکی دەمووچاو بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت لەناو مروڤە سادەکاندا. ئەمەش زور ڕێی تێناچێت چونکە لەکاتێکدا کە دەستی مرۆڤ دەگریت لەتاریکی و لەکاتی بوونی کۆسپ کەلکی لێ وەرناگیرێت . بەڵام گریمانەی( دەم بزاوتن ): کاتێک مرۆڤ بە ئیش و کارەوە خەریک بووە ناچاربووە بێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەم بزاوتنانە دەگۆڕێتەوە بە بزاوتنی زمان و دەم و لێوو قورگ پاش ماوەیەک مرۆڤ بۆی دەرکەوتووە ئەگەر پاڵێک بە هەواوە بنێت کە بەناو دەم و لووت دا تێپەر دەبێت بزاوتنەکە دەنگ وەردەگرێت وەک (چپە) لە هەمانکاتدا بقیژێنێ ئەوا دەتوانێت وتنی ئاوازدار دەربکات.

**٤- گریمانەی مۆسیقا:**

بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لە گورانییەوە دروست بووە ، زمان بریتی بووە لە وشەی درێژی پڕ لەدەنگی قورس لەم قۆناغەدا زمانی مرۆڤ بە ئاوازتربووە لە زمانەکانی مروڤی ئەمرۆ ، پێش ئەم قۆناغەش زمان بریتی بووە لە گۆرانییەکی بێ وشە (تەنها ئاواز) ئەمەش تەنها بو هەست دەربڕین بەکارهاتووە بۆ تێگەیشتن نەبووە.

### ٥- زمان کردەیەکی خواییە:

**لایەنگرانی ئەم گریمانەیە وای بۆ دەچن کە زمان کردەیەکی خوایی بێ  واتا خوا بەخشیوویەتی بە مرۆڤ لەم بارەیەوە لە هەرسێ دەقەکانی (تەورات ،ئینجیل ، قورئان ) ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە سەرەتای زمان لەلایەن خواوە بەخشراوە بە مرۆڤ تەنانەت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەڵگەیەک هەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زمان کردەیەکی خوایی بێت (وعلم ادم الاسماءَ  كلها) واتا ئادەمی فێری ناوەکان کرد.**

### ٦- گریمانەی ڕێکەوتن:

**لایەنگرانی ئەم گریمانەیە وای بۆ دەچن کە زمان لەئەنجامی ڕێکەوتنەوە دروست بوە واتا مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا لە سەر ناونانی کەرستەکان ڕێکەوتوونە بۆنموونە ڕێکەوتوونە بە ئاو بڵێن ئاو بە دار بڵێن دار.**

### ٧- گریمانەی کۆمەڵایەتی:

**لایەنگرانی ئەم گریمانەیە وای بۆ دەچن کە زمان تایبەتە بە مرۆڤ و کۆمەڵ و کۆمەڵگا بەواتایەکی تر مرۆڤ تا تێکەڵ بە کۆمەڵ و کۆمەڵگا نەبێت فێری زمان نایێت.**

## هەندێ لە تایبەتییەکانی زمان:

### ١- زمان تایبەتە بە مرۆڤ

**زمان مرۆڤ بە زمان دادەنرێت . زمانی گیانداران چەند ڕەمزەکە بۆ شتە هەرە پێویستییەکانی ژیانی گیانداران بەکاردێت بەڵام بە زمان دانانرێت. تەنها مرۆڤ توانای قسەکردنی تیا هەیە.**

**٢- زمان دەنگە**

**مرۆڤ بەو ئۆرگانەی کە هەیەتی ئەم دەنگە دروست دەکات بەهۆی لەرینەوەی ژێیەکانی قورگ وە سیەکان و جوڵانەوەی ماسولکەکان دروست دەبێت ، ئەمەش لە هەموو زمانەکان وەک یەکە هەموو زمانەکان ئەم لەرینەوەی ماسولکانە دەگۆڕێت بۆ دانەی دەنگی ، ئەم دانە دەنگیانە لە یەک دەدرێت وە دووبارەو سێ بارە ......... هەزارەها جار بەکار دێنەوە . قسەکردن لای مرۆڤ پێویستی بە دوو لایەن هەیە قسەکەر و گوێگر بە بێ ئەم دوو لایەنە زمان دروست نابێت قسەکەر دەتوانێت لە پێش خۆی قسە بکات و ببێتە گوێگر یان دوو کەس قسە بکەن و ببنە گوێگر و قسەکەر واتە ئەو ناوەندەی کە زمان بەکاری دەهێنێت ناوەندی دەنگییە و کەرسەکان دەنگن.**

**٣- زمان پلە دارە (پلە پلەیە)**

**زمان ڕستەیە واتە تا نەبێت بە ڕستە زمان دروست نابێت. ڕستەکانی زمان کەرت دەکرێت بۆ دانەی وردتر لەخۆی لە نزمترین ئاستدا زمان بریتیە لە کۆمەڵە دەنگێکی جیا جیا ( ک، ب، پ..........) ئەم دەنگانە بە تەنها هیچ واتایەکیان نییە بێ واتان بەڵام لە ئاستی بەرزتردا لێک دەدرێن ئەوکاتە واتایان هەیە. ئەم دەنگانە کە لێک دەدرێن بڕگە دروست دەکەن ، کە بڕگەکان لێک دەدرێن وشە دەنوێنن لە ئاستی مۆرفۆلۆجی ، کە وشەکان لێک دەدرێن ڕستە دەنوێنن . (ئەم کەرستانە وشەو دەنگ و ڕستە لەبەر ئەوەی لە یەک ئاست دانین بۆیە پەیوەند نواندن دروست دەکەن نەک دروستکردن) . واتە بە بەکارهێنانی چەند کەرسەیەکی سنوردار کە (دەنگەکانی زمانن) چەند کەرسەیەکی بێ سنوری بەکاردێت کە (ڕستەکانی زمانن).**

**٤- ڕەمزەکانی زمان تایبەتن (لەخۆوەن )**

**مەرج نییە لە هەموو ئاستەکانی زماندا یەک فۆرم بۆ هەموو زمانەکان بەکاربهێنرێت بۆنموونە فۆرمی (ئاو ، دار....)لە زمانی کوردی بۆ شتێکە لە زمانێکتر بۆ شتێکترە ئەگەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان فۆرمی وشەو واتاکەی هەبوایە ئەوا ئەوکەسەی کە زمانێکتری نەزانیبا وشەکەی**

دەزانی .لەخۆیەتی ڕەمزەکانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ دەیەوێ بەهۆی زمانەوە نیشانە(فۆرم) بۆ هەموو ئەم شتانە دانێت کە لە دەورو بەری هەیە.

**٥- زمان پەیڕەوە**

واتە زمان هەر ئەوە نییە لە خۆوە کاربکات بەڵکو بەهۆی ڕێزکردنی کەرسەکانی زمان هەست بەوە دەکەین کە لەسەر چەند دەستورەک کاردەکات کە لە ناو مێشکی مرۆڤ پارێزراوە زۆرجار کە کەسێک مێشکی تێک دەچێت دەبینین چەند قسەیەک دەکات کە لێی تێناگەین ، یان کە منداڵەک دابڕاوە لە کۆمەڵگا فێری قسە نابێت، وشەکانیش بزانێت فێرنابَت چونکە دەستورەکە لە مێشکی نەچەسپاوە . بۆنموونە لە ڕستەدا ڕێزکردنی کەرسەکانی رستە لە هەر زمانێک بە جۆرێک ڕێز دەکرێن لە زمانی کوردی(بکەر+بەرکار+کار). وە لە دەنگسازی دا هەموو دەنگێک بە ئارەزووی خۆمان ناخەینە پاڵ یەکتر بۆنموونە ( ڵ قەڵەو) لەسەرەتای وشە نایەت . هەموو (ر) لەسەرەتای وشە (ڕ) ی قەلەوە......

هەروەها لە وشەسازی (ئامرازە پەیوەندییەکان) ژمارەیان دیاری کراوە واتە ژمارەیان زیاد ناکات کۆمەڵەیەکی داخراون ( بە ، لە ، بۆ.....) بەڵام (ناو ) ژمارەیان هەردەم لە زیاد بوونە کۆمەڵەیەکی کراوەن...

**٦- زمان دیاردەیەکی تەواوە**

زمان لەگەل ئەو گۆرانکاریانە دەڕوات کە دێنە پێشەوە ، هەر زمانەک کۆمەڵێ کەرسەی تێدایە کە دەسەڵات دەداتە قسەکەر بۆئەوە بە ئاسانی بتوانن لە دەوروبەری خۆیان بدوێن و هەموو زانیاری و پێداویستییەکانیان بگەیەنن. ئەو پێشکەوتنەی کە لە ژیانی مرۆڤ ڕودەدات چۆن لەگەڵی دەڕوات پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ، لەگەڵ هەر پێشکەوتنەک زیاتر پێویستمان بە بەکارهێنانی زمانە زمان دەتوانێت بە ڕێگای جۆراو جۆر کەرسە دروستبکات بۆ ئەوەی ئەو

**پێداویستیانە پڕبکاتەوە بۆیە دەبێت کەرسەی تازە دروست بکرێت ، کەرسە تازەکانیش بەم شێوازانە زیاد دەکرێت:**

**أ- هەمان وشەی زمانەکە بۆ مانایەکی تر : پێ : بۆ کۆئەندامێکە ، بەڵام بۆ مانی تریش بەکاردێ (پێوانە)**

**ب- زمان جاری وا هەیە وشە دەخوازێ وەک : حەج بۆ فەرزی دینی وشەکەی وەک خۆی وەرگرتووە.**

**ج- هەندێ کەرسە خۆی هەیە وشەی نوێی لێ دروست دەکات، بۆ نموونە:**

**لە وشەی ( وێنە) وشەی نوێ دروست دەکەین : وێنە +گر = وێنەگر(مصور).**

**٧- زمان ڕەوشتە:**

**زمانە ڕەوشتێکە پێویستی بە فێربوون هەیە مانای ئەوەیە بۆماوەیی نییە ، پێویستە ((تواناو چالاکی)) لەیەکتر جیا بکەینەوە:**

**توانا : هەموو یاساکانی مێشکی قسەکەرە**

**چالاکی : بەکارهێنانی هەموو یاساکانە**

**واتە چالاکی بەکارهێنانی توانایە(یاساکانی مێشک مرۆڤ) بەڵام هەندێ جار هەمان یاسا نییە چونکە توانا دەکەوێتە ژێرکاریگەری هۆکاری دەرەکی لەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی و بایلۆجی ، کەواتە لە چالاکی هەڵە دەکرێ چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکاری دەرەکی ، بەڵام لە توانا هەڵەکردن نییە ، چونکە ناکەوێتە ژێر ئەم هۆکارانە ، هەر بۆیەش مرۆڤ کە هەڵە دەکات بە زوترین کات هەڵەکەی چادەکاتەوە ، چونکە یاساکان لە مێشکی مرۆڤیکی پێگەیشتوو چەسپیووە. بۆچی منالّ لەکاتی قسەکردن هەڵەدەکات و نازانێت هەڵەکانی چابکاتەوە ، چونکە منالّ یاساکان لە مێشکی بە تەواوی نەچەسپیووە.**

**٨- زمانەکانی جیهان  وەک یەک دەڕۆنرێن(ڕۆنانیان وەک یەکە)**

**هەرچەندە زمانەکانی جیهان لە وردەکاریدا تەواو جیاوازن لە یەکتری بەڵام بە شێوەیەکە گشتی لە ڕۆنان(پێکهاتە – ترکیب)  لە یەکتر دەچن. بۆ نموونە لە هەموو زمانەک گرێی ناوی و گرێی کاری هەیە بەڵام جۆری ڕێزبوونەکەیان جیاوازە ، لە هەموو زمانەک دیارخەر هەیە ، هەموو زمانەک دەتوانێ ڕستەی هەواڵ بگۆرێ بۆ نەرێ . لە هەموو زمانەک کار دوو جۆرە تێپەڕ و تێنەپەڕ، ڕستە بکەر دیار و بکەر نادیار......**

**٩- زمان دوولایەنی هەیە (ستونی ، ئاسۆی):**

**ئاستی ئاسۆی زمان بە دوو شێوە دەردەکەوێ بە زنجیرەی  دەنگ  بەڵام لە نوسین بە دێڕ. واتە ئاستی ئاسۆی لە نوسین و قسەکردن  دەردەکەوێ.  ئەم ئاستە هەستی پێ دەکرێت و بەرجەستەیە هەرچی گۆران هەیە لە زماندا لە ئاست ئاسۆیدا ڕودەدات  بۆ نموونە : کاتێ کە دەنگەکان دەکەونە تەنیشت  یەک کار لەیەکتری دەکەن ئەنجامی ئەم کارتێکردنە دەنگ هەیە دەکەوێ هەیە لەناودەچێ هەیە جێگۆرکێ دەکات..**

**ئاستی ستونی زمان بریتییە لە خەزێنەیەک کە هەموو کەرسەو پۆلەکانی زمانی تێدایە ، ئەو کەرسەو پۆلانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ تواناد‌ا هەیە بۆیە هەستی پێناکەین و بەرجەستە نییە ( تەنها کاتێک هەڵە دەکەین هەستی پێ دەکرێت )  پەیوەندی بە مێشکی مرۆڤ هەیە وە لە نوسین و قسەکردن بە دیارناکەوێ. لە ئاستی ستونیدا پەیوەندی گۆرینەوە هەیە واتە کەرسەیەک دەتوانرێ لە شوێنی کەرسەیەکی تر دابنرێ لە هەمان پۆل بێ.**

**بۆ نموونە:          ئەو چایەکەی ڕشت.**

**ئاستی ئاسۆیی : کەرسەکانی ئەم رستەیە چۆن ریزبوونە چ پەیوەندیەکیان لەگەل یەکتر هەیە.**

**ئاستی ستوونی : چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم کەرسانەی ڕستەیە  لە فەرهەنگی مێشک چۆن وشەی : ئەو (لە پۆلی جێناوەکان) ، چایەکە ( لە پۆلی ناوەکان) ، ڕشت ( لە پۆلی کار).**

## ئەرکەکانی زمان

ئەو ئەرکانەی کەمرۆڤ دەتوانێت بە هۆی زمانەوە لە ناو کۆمەڵ جێبەجێی بکات ئەم ئەرکانە ژمارەیان زۆرە  بە ئاسانی ناژمێردرێن و پۆلێن ناکرێن بە لام بە گشتی زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەم ئەرکانە رێک کەتوون کە لە کاتی ئاخاوتندا چەند ئەرکی جۆراو جۆر ببینێت کە بریتین لە:

### ١- زانیاری و هەواڵگەیاندن

ئەم ئەرکەی زمان ئەرکێکی سەرەکییە کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت لە دەوروبەرو دیاردەکانی بدوێت کە قسەکەر دەیەوێت بوون و نەبوون و ڕاستی و ناڕاستی شتێک دەربخات. زانیاری لە بارەی دەوروبەری خۆی دەگەینێت و بڵاو دەکاتەوە ،کەواتە لێرەدا قسەکەر سەرچاوەی زانینە مەبەستی سەرەکی گەیاندنی زانیارییە .مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی هەواڵ گەیاندن ڕاست بێت بەڵکو دەشێ هەندێک لەو زانیاریانە هەڵەبن.   بۆنموونە لەم ڕستانەدا:

ئاو لە پلەی سفردا دەیبەستێ و لە پلەی 100 دا دەکوڵێ .     شەکر تاڵە.     بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە بێئاگان.

یەکەمیان ڕاستیەکە ئاسانە بیسەلمێنین کە(ڕاستە). ڕستەی دووەم ئاسانە ڕاستیەکەی بسەلمێنین کە (هەڵەیە)، بەڵام ڕستەی سێیەم ناتوانین ڕاستییەکە بسەلمێنین لەوانەیە ڕاست بێت یان هەڵەبێت.

### ٢- پرسیارکردن

پرسیارکردن واتە دەستکەوتنی زانیاری. قسەکەر بۆ پرسیاردەکات؟ چونکە خۆی نازانێ و زانیاری نییە واتە پێچەوانەی هەواڵگەیاندنە لە هەواڵگەیاندن زانیاری دەگەیەنێ بەڵام لە پرسیارکردن زانیاری وەردەگرێت . واتە قسەکەر شتێک نازانێت بەهۆی پرسیارکردنەوە زانیاری دەست دەکەوێت

**کەواتە لەپرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانیارییە . ڕستەی پرسیارکردن بە دوو شێواز دروست دەبێت:**

**بەهۆی ئامرازی پرسیارکردن ، هەشیانە بەهۆی ئاوازەوە دەبێت بۆنموونە: ئامرازی پرس (کوێ)**

**ئازاد بۆ کوێ چوو؟ ئامرازی پرسیارکردن ( کێ ، چۆن ، چەند ، کەی.........)**

**بەهۆی ئاواز : نانت خواردووە؟ ئەم ڕستەیە لە قسەکردن هیچ ئامرازێکی پرسیارکردنی تێدانییە بەڵام ئاوازێکی بەرزبوونەوە لە کۆتایی ڕستە هەست پێ دەکرێت. لە نووسین نیشانەی پرس دادەنێین.**

**ئەرکی هەواڵگەیاندن و ئەرکی پرسیارکردن هەردووکیان لە بارەی زانیارییە بەڵام جیاوازی هەواڵگەیاندن و پرسیارکردن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە لە هەواڵگەیاندن قسەکەر سەرچاوەی زانیارییە، بەڵام لە پرسیارکردن گوێگر سەرچاوەی زانیارییە . وە لە نوسینیش جیادەکرێتەوە لە هەواڵگەیاندن لە کۆتایی ڕستە خاڵ دادەنرێت بەڵام لە ڕستەی پرسیارکردن لە کۆتاییەکەی نیشانەی پرس دادەنرێت.**

### ٣- ئەرکی هەست دەربڕین

**ڕستە یان گوتن کاتێ بۆ هەست دەربڕین بەکاردێت کە تیایدا قسەکەر هەست و ئارەزووی خۆی بەرامبەر بە دەوروبەر دەردەبڕێت. سادەترین جۆری هەست دەربڕین لەزمانی کوردیدا لەڕستەی سەرسورماندایە کە ئەویش بۆهەردوو حاڵەتی خۆشی و ناخۆشی بەکاردێت هەروەها ڕستەی هەست دەربڕین بەهۆی ئامرازی سەرسوڕمان یا بەهۆی ئاوازەوە دروست دەبێت بۆنموونە:**

**خودایە چەند جوانە (بەهۆی ئاوازەوە)**

**ئۆف چەندجاری پێ دەڵێم وا مەکە. بەهۆی ئامرازی سەرسورمانەوە ( ئۆف ، ئافەرین ، ئای، ئاخ، ئۆخەی.....).**

**٤- ئەركی هەست دروستكردن**

**كاتێ زمان بۆ ئەركی ورژاندن بەكاردێت كە قسەكەر بیەوێت هەست و ئارەزوویەكی تایبەت بۆ گوێگر یان خوێنەر دروستبكات كە قسەكەر بیەوێت گوێگر یان خوێنەر بورژێنێت واتە قسەكەر هەستی بەرامبەرە كانی خۆی دەوروژێنێت یاخود هانیان دەدات بۆ ئەنجامدانی كارێك بۆنموونە:**

**لە : أ- نووكتە گێڕانەوە. ب- لە پڕوپاگەندە(دعایە) . ج- كاتێك پیاوێكی سیاسی لەوتارێكدا هانی خەڵكان دەدات بۆئەوەی وشیار بنەوە لەمەسەلەیەكی نەتەوەیی لەم حاڵەتەدا هەستیان دەوروژێنێ و هانیان دەدات بۆ ئەوەی كردەوەیەك ئەنجام بدەن، د- پیاوێكی ئاینی لە یەكێ وتارەكانی ڕۆژی هەینیدا خەڵك دەوروژێنێ بۆ ئەوەی لە كردەوەی خراپ دوور كەونەوە.**

**ئەركی هەست دەربڕین و ئەركی هەست ورژاندن هەردووكیان دەربارەی هەستە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە لە هەست دەربڕیندا قسەكەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەرامبەرەكەی بەڵام لە هەست ورژاندندا قسەكەر دەیەوێت هەستی گوێگر بورژێنێت.**

**٥- ئەركی فەرماندان**

**كاتێ زمان بۆ فەرماندان بەكاردێت كە قسەكەر(كەسی یەكەم) بیەوێت كارێك بە گوێگر (كەسی دووەم ) ڕاپەڕێنێت واتە قسەكەر دەیەوێت كە گوێگر كارێك بكات (كەسی یەكەم داوا لە كەسی دووەم دەكات بۆ ئەنجامدانی كارێك) كەواتە قسەكەر فەرمانێك دەكات لە بەرامبەردا گوێگر یاخود كەسی دووەم فەرمانەكە جێبەجێ دەكات. بۆنموونە:**

- **فەرموو دانیشە.**
- **چایەكم بۆ بهێنە.**
- **مێیە ژورەوە.**
- **ب(مە) + رەگی كار+ جێناوی لكاو**

### ٦- ئەرکی ڕاپەڕاندن

ئەرکی ڕاپەڕاندن ئەوەیە کە قسەکەر خۆی کارێک ڕادەپەڕێنێت ، واتە قسەکەر بەڵێنێک دەدات یاخود فەرمانێک دەدات دواتر هەربەخۆشی فەرمانەکە جێبەجێ دەکات بۆنموونە : سوێند دەخۆم ڕاست بڵێم.

- بەڵێن دەدەم ئەم کارەت بۆ تەواو بکەم.
- بە ناوی خوا ئەم کۆبوونەوەیە دەست پێ دەکەم.

ئەرکی ڕاپەڕاندن فەرماندان هەردووکیان پەیوەندیان بە ئەنجامدانی کارە بەڵام جیاوازیان ئەوەیە کە لە فەرماندانداندا قسەکەر تەنیا فەرمان دەدا بۆ ئەوەی گوێگر کارێک ئەنجامبدات بەڵام لەڕاپەڕاندندا قسەکەر خۆی فەرمان دەدات وە هەر خۆشی کارەکە جێبەجێ دەکات.

### ٧- ئەرکی جێخۆشکردن

ئەم ئەرکە پێی دەوترێت ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان چونکە ڕۆژانە بە سەدان جار ئێمە لەکاتی ئاخاوتندا بەکاری دەهێنین هەربۆیەشە ئەم ئەرکە پێی دەوترێت ئەرکی کۆمەڵایەتی . ئەم ئەرکە لە حاڵەتەکانی سڵاوکردن و ئەحواڵ پرسین و کۆمەڵێک شتی لەم جۆرە دێتە ئاراوە بۆ نموونە چۆنی ،چاکی.....

**ئەرکەکانی زمان بەکورتی لەم هێڵکارییە دەخەینە ڕوو**

| بابەت | قسەکەر | گوێگر |
|---|---|---|
| (زانیاری- زانین) | هەواڵ گەیاندن | پرسیارکردن |
| هەست | هەست دەربڕین | هەست دروستکردن |
| ئەنجامدانی کار | ڕا پەڕاندن | فەرماندان |

## مێژووی زمانەوانی

**لێکۆلینەوەی زمان مێژوویەکی دێرینی هەیە ، هەندێ لە مێژوونوسان دەیگەرێننەوە بۆ سەردەمی دۆزینەوەی یەکەم شێوەی نوسین کە لە شارستانیەتی میصریەکان و سۆمەریەکاندا هەبووە ، بەڵام بە هۆی کەمی دەقی نوسراوی ئەو سەردەمە ، زۆربەی مێژوونوسان وای بە چاک دەزانن بگەرێنەوە بۆ مێژووی کۆنی هیندیەکان، چونکە یەکەم بیرکردنەوەی ڕوون و دیار کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی زمانەوە هەبێت لای ئەوان دەرکەوتوەو سەری هەڵداوە.**

### زمانەوانی لای هیندیەکان:

**هیندیەکان یەکەم کەس بوونە کە باسی زمانیان کردووە بە بیرکردنەوەو بۆچوونێکی قوڵ و لەسەر ڕێبازێکی زانست لێیان کۆڵیوەتەوە ، هەروەها زۆر بە وردی سەرنجیان لە دیاردەکانی زمان داوە و وەسفیان کردووە لێکۆلینەوەی زمان لای هیندیەکان لە ئاکامی ئەو هەستە ئاینییە بووە کە پاڵی**

پێوە ناون بۆ ئەوەی کتێبە پیرۆزەکەیان (فێدا) ی پێ بپارێزن . (سانسکریتی ) زمانی فێدا بووە ، پاراستن و دیراسەکردنی زمانەکەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستن دانراوە ، ( فێدا) ش کۆنترین دەق بووە لای (براهمەکان) مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ (1200) ساڵ پ. ز سانسکریتی وەک زمانێکی ڕەسمی و ئەدەبی بەکار دەهات . هەروەکو لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت ، کتێبەکە لە هەشت بەرگ پێکهاتووە ، هەموو رێزمانی سانسکریتی تێدا تۆمارکراوە . پانینی زۆر بە وردی وەسفی ئەو شتانە دەکات ، کە پەیوەندی بە ڕێزمانی سانسکریتیەوە هەیە.

**زمانەوانی لای یۆنانییەکان:**

یۆنانیەکان بایەخێکی زۆریان بە لێکۆلینەوەی زمان داوە ، هەوڵیانداوە لە ڕەچەلەک و مێژوو زمان بکۆلنەوە ، لە هەمان کاتدا لە لێکۆلینەوەی زمانی بێگانە دوورکەوتوونەتەوە ، وشەی )برابرە)یان بۆ ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە بە زمانی یۆنانی قسەیان نەکردووە ، وشەکە بە واتای (قیرەی باڵندە) دێت. گریکەکان بایەخیان بە پێکهاتە و پەیدابوونی زمان داوە لەوەی کە زیاتر بایەخ بە پەرەسەندن و هەمەجۆری زمانەکان بدەن.

ئەفلاتون: باسی پەیوەندی نێوان شتەکان و وشەکانی کردووە ئایا پەیوەندییەکی سروشتی و پێویستە ؟ یا پەیوەندییەکی ڕێکەوتنە ؟

ئەرستۆ ئاماژەی بۆ پەیوەندی (نەریتی) ڕێکەوتن لە نێوان شتەکان و دوروبەر کردووە هەروەها باس لە شیکردنەوەی بنەماکانی ڕێزمانی دەکات بۆچونی پەسەندی خستۆتە ڕوو وەک ئەوەی کە دەڵێت : (زمان سیستەمێکی دانراوە بۆیە دەچێتە ژێر ڕێکفی یاسیەکی چەسپاو) ئەم یاسایانەش نزیکن لەوەی کە ئەمڕۆکە بە (یاسای دەنگ) ناودەبرێن.

ڕواقییەکان و زانایانی ئەسکەندەرییە : ڕواقییەکان چاویان بە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا خشاندووە . یەکێک لە زاناکانیان بە ناوی (تراکس) 170-9 پ. ز یەکەم کتێبی دەستوری زمانی یۆنانی داناوە لەم کتێبەدا دیراسە دەنگەکانی زمانی یۆنانیان کردووە ، لە بنەمای وشەکان و بەشەکانی ئاخاوتن دواوە ، بەشەکانی ئاخاوتنی کردووە بە (8) بەش ( ناو - جێناو – کار- ئاوەڵکار – ئامرازی ناسیاری – ئامرازی پەیوەندی- ناوی کارا – ئامرازی پەیوەست) دەبینین هەمان دابەشکردن

**ئێستا بەکاردێت لە زۆربەی زماە ئۆرپییەکاندا ، تەنیا هەندێ گۆرانی بەسەردا هاتووە . دیارە زانایانی ئەسکەندەرییە شتێکی ئەتۆیان نەکردووە تنیا ئەوبابەتانەی کە ئەفلاتون و ئەرستۆ باسیان کردووە ،ئەوانە بە شێوەیەکی فراوانتر ئاماژەیان پێدراوە.**

**زمانەوانی لای ڕۆمانییەکان:**

**ڕۆمانییەکان دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە لە مێژووی زانستی زماندا ئەگەر لایەنی جدی و داهێنان لەبەرچاو بگرین تەنیا ئەوەندە نەبێت کە لێکۆلینەوە زمانەوانییەکانی یۆنان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان گواستۆتەوە.**

**ئەو کارانەی کە لە سەردەمی رۆمانییەکان ئەنجامدراون ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:**

- **فارون : لە سەدەی** 11 **پ. ز کتێبێکی داناوە بە ناو نیشانی (زمانی لاتینی) ئاخاوتنی کردووە بە چوار بەش.**

- **لونتیلیان: لە سەدەی (**1**) زاینیدا کتێبێکی داناوە بە ناوی (هونەری دواندەری) کورتەیەکی تێدایە کە باسی ڕێزمانی لاتینی دەکات.**

- **بریشیان : لە سەدەی (**6**) زاینیدا کتێبەکە بەناوی (دەستوری زمان) بووە لە (**18**) بەش پێکهاتووە ، لەگەڵ ئەوەشدا بیشیان خاوەنی بە ناوبانگترین پێناسەی ڕستەیە : (ڕستە ڕێکخستنێکی ئاخاوتنە گوزارشت لە واتایەکی تەواو دەکات).**

**ئەم کتێبانە بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەستووری هەموو زمانە ئۆرپییەکان لە سەدەکانی دواییدا.**

## زمانەوانی لە سەدەکانی ناوەڕاست:

لە نێوان سەدەکانی (4) تا (14) ی زاینی ئاینی (مەسیحی) لەناو هەندێ گەل بڵاو بەوە دەستیانکرد بە وەرگێرانی دەقە ئاینییەکانی وەک (تەورات و ئینجیل) بۆ سەر زمانی ئەو گەلانە ئەم گەلانە نوسینەوەیان نەدەزانی ، ئەمەش وایکرد ئەلف و بێی نوێ دابهێنن وەک ( کەڵتی و جەرمانی ) لە ڕاستیدا ئەم کارە دەبوایە ببێ بەهۆی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی زمانی بەتایبەتی لە بواری شیکردنەوەی دەنگەکاندا.

هەر لەم ماوەیەدا دەستورو ڕێزمانی لاتینی دەخوێنرا ، بەڵام سەرهەڵدانی کتێبی دەستوری زمانە ئۆڕپییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دواکەوت بۆیە زمانی لاتینی شایەنی ئەوە بوو کە ببێتە تاکە زمان لەو دەمەدا لێی بکۆڵرێتەوە ، ئەمەش وایکرد کە زانایان بایەخ بە زمانی لاتینی کۆن  بدەن ، هەروەها باوەڕیان وابوو کە زمانە ئۆڕپییەکان ناتوانن بگەنە ئاستی هونەر و زانست ، مەبەستیشیان ئەوە بوو ، کە زانستی ڕێزمان زانستێکی چەسپاوەو ناگۆڕێت ، لەبەر ئەوە ڕێزمانی لاتینی چەسپاوەو پێش هەزار ساڵ لەمەوبەر شێوەیەکی ڕێک و پێکی وەرگرتووە.

لەو ماوە دوورو درێژەدا زمانی لاتینی پەرەی سەندو لە شێوە کۆنەکەیەوە بۆ ئەو شێوانەی کە ئەمڕۆکە بە زمانە (ڕۆمانییەکان) ناسراون ، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان هەستیان بەو پەرەسەندنە نەکردووە ، بەڵکو خۆیان بە نووسینە کۆنەکە – لاتینی کۆن- بەستبۆوە.

- دانتی : بایەخێکی بە دیراسەکردنی زارەکانی ئیتاڵی داوە ، ئەمەش لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ڕەوانبێژی خەڵکەکە) خراوەتە ڕوو ، لەم کتێبەدا هەڵساوە بە چارەسەرکردنی تایبەتمەندێتی هەر (14) شێوەزاری ئیتاڵی و لەیەکیانی جیاکردۆتەوە ، هەروەها بەراوردی نێوانیانی کردووە . لە ئەنجامدا لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە کە زمانی ئیتاڵی و هاوەڵەکان سەر

**به زمانی ڕۆمانین زمانی ڕۆمانیش له بنه‌ڕه‌تدا ده‌چێته‌وه سه‌ر زمانی لاتینی. له‌و سه‌رده‌مه‌دا زانایان وایان داده‌نا كه گوایه لاتینی نموونه‌ی باشترین زمانی سروشتی و مه‌نتقه بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ . پاشان ئه‌م بیروڕایه په‌ره‌ی سه‌ندو لێكۆڵه‌ران ده‌ستیانكرد به دانانی كتێبێك به ناونیشانی ( ڕێزمانی گشتی) كه تێیدا هه‌ڵسان به ڕێكخستنی تایبه‌تییه گشتییه‌كانی زمانه‌كانی تر.**

- **بیكۆن: ئه‌م باوه‌ڕه‌ی لێكداوه‌ته‌وه و ده‌ڵێت:**

- **بنه‌ماكانی ڕێزمان له هه‌موو زمانه‌كاندا له ناوه‌ڕۆكدا یه‌كن ، به‌ڵام جیاوازیان له شیكردنه‌وه‌و ورده‌كاریه‌كاندا هه‌یه ، ئه‌مه‌ش له زمانێكه‌وه بۆ زمانێكیتر ده‌گۆڕێت. (**

**ئه‌م بیرو باوه‌ڕه لای زانایانی ( پۆرت ڕۆیاڵ) ده‌ركه‌وت له سه‌ده‌ی (18) مایه‌وه تاكو سه‌ده‌ی (19) و سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی (20) هه‌ندێ له زانایانی زمان دژی وه‌ستان ، پاشان دوباره لای (وۆرف) سه‌ری هه‌ڵدایه‌وه‌و لای (چۆمسكی)یش په‌ره‌ی پێدرا.**

**زمانه‌وانی لای عه‌ره‌به‌كان:**

**ڕێزماننناسه عه‌ره‌به‌كان توانیویان وه‌سفی زمانی عه‌ره‌بی بكه‌ن و یاساو ڕێسای ڕێزمانی بۆ دابنێن و وه‌سفی ده‌نگه‌كانی بكه‌ن سیسته‌می ده‌نگی عه‌ره‌بی شرۆڤه بكه‌ن . پێش هاتنی ئایینی ئیسلام هیچ لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی زمانی عه‌ره‌بی به‌رچاوناكه‌وێت.**

- **زانستی ڕێزمان كاتێ په‌یدابوو كه هه‌وڵدرا ڕێگا بگیرێت له به‌كارهێنانی هه‌ڵه له خویندن و نووسیندا،**

- سەرەڕای ئەمەش ئارەزوویەکی زۆر لای زانایان دروستبوو بۆ ئەوەی لە قورئان بگەن و لە نهێنییەکان شارەزابن.

- هەروەها بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی بەتایبەتی لە ناو ئەو میللەتانە کە بە زمانی عەرەبی قسەیان نەدەکرد ، هۆیەکی تر بوو بۆ ئەوەی رێزمانیان لە کتێب بۆ بنووسرێتەوە.

زانایانی عەرەب کاتێ رێزمانی عەرەبییان نووسی سەرچاوەی هەرە سەرەکییان (قورئان)بوو.

کارەکانی زانا عەرەبەکان بریتی بوو لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازی و فەرهەنگسازی،

- یەکەمین کار کە لە بواری دەنگسازییەوە بەرچاو بکەوێت کتێبەکەی خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهییدییە بە ناونیشانی فەرهەنگی (ع)ە، کە بەپێی سازگە دەنگەکانی رێکخستووە.

- سیبەوەی خاوەنی(الکتاب)باسی دەنگسازی عەرەبی دەکات . ئەوەی ئاشکرایە دوو قوتابخانەی رێزمانی لای عەرەب هەبووە، یەکێکیان بەناوی بەسرە و ئەوی تریان بەناوی کوفە.

قوتابخانەی بەسرە : پێش کوفە دامەزراوە، هەر کە شاری بەسرە لە سەردەمی ئیمامی عومەر کرایەوە.

قوتابخانەی کوفە: ئەم قوتابخانەیە زۆربەی بۆچوونەکانیان لە قوتابخانەی بەسرە وەرگرتووە.

**زمانەوانی سەردەمی ڕاپەرین:**

**ڕێزمانە فەلسەفییەکان تا سەردەمی ڕاپەرین هەر بەدەوام بوون ، بەڵام لەگەڵ سەردەمی ڕاپەرین و بەچکە زارو زمانە ناوچەییەکان گرنگییەکان زیاتریان پێدراو کەرەستەیەکی زمانی زۆر لەم زمان و زارانەوە هاتە کایەوە گیروگرفتی چاککردن و پێشخستنی ڕێنووس و ڕێگاکانی گوتنەوەی زمان و ئەدەب و داهێنان زمانێکی جیهانی بوون بە کێشەی سەرەکیی زمانەوانی سەردەمی ڕاپەرین.**

**.لەم سەردەمەدا پێوەندی لەنێوان دەوڵەتان زۆر فراوان بوو، بەهۆی ئەوە وە چەند فەرهەنگ و کتێبی قوتابخانە بە زمانی بێگانە دەرچوون ،دوای ئەوەی کە چاپخانە دەرکەوت گیروگرفتی نووسین لەگەلیدا هاتەکایەوە ئەمەش وای کرد زیاتر بایەخ بە دیاردەی دەنگ و دانانی ئەلف و بێی نوی بدرێ. زمانەوانەکان لەو سەردەمەدا بۆ شێکردنەوەی بەشەکان ئاخاوتن زیاتر پشتیان بە:**

**-(ئەرستۆ و ڤارۆ)دەبەست.**

**-ئەو کتێبە ڕێزمانییانەی کە لاتینییەکان دایان نابوو لە سەردەکانی ناوەڕاست.**

**-لەم سەردەمە دا ئەو بیرو رایە باوبوو کە لە تەورات وەرگیرابوو دەڵێ: (هەموو زمانەکانی مرۆڤ سەرچاوەیەکیان هەیە). عیبری ئەو زمانە سەرچاوەیەیە.**

**لێکۆڵینەوە لەم سەردەمەدا زیاتر بۆ چەسپاندنی ئەم بیرورایەبوو بەهۆی بەراورد کردنی زمانی عیبری لەگەڵ زمانەکانی تردا. گرنگترین لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەکەی(کاتیوس)بوو بیری ئەوەی لە ئەوروپا بڵاوکردەوە کە خرمایەتی هەیە لەنێوان زمانە سامییەکاندا.**

**زمانەوانی سەدەی حەڤدە:**

**لەم سەدەیەدا ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانیان بوو کە پیاوە ئاینییەکانی دێری( پۆرپ رۆیال)ئەنجامیاندا، لەمانەش (ئارنۆلد)و(لانسلو)بوون . ئەوەی لە کارەکەیاندا پشتیا پێ بەستووە بەراورد کردنی فەرەنس و ئیتاڵی بوو.**

**زمانەوانی لە سەدەی هەژدە:**

**زمانەوانی وەک زانستێک لە سەدەی هەژدەدا لەسەر دەستی (ولیەم جۆنس) پەیدابووە ، ئەم زانایە ئەو هەستەی لەلا دروست بوو کە لێکچوونەک لە نێوان زمانی ئینگلیزی و زمانی ئاسیایی و ئەورپییەکان بە سانسکریشەوە هەیە ، بۆیە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەوەندییەکی مێژوویی و ڕەچەڵەکێکی هاوبەش لە نێوان ئەو زمانانەدا هەیە ، بۆیە دەتی دایە پەیڕەوکردنی ڕێبازی ئیتمۆلۆژی ، کە ڕێبازێکە بۆ زانین پەیوەندی نێوان زمانەکان و بەرەوپێشچوونە مێژووییەکانیان.**

**زمانەوانی سەدەی بیست:**

**لە سەرەتای سەدەی بیستدا توێژینەوە زمانەوانییەکان سیمایەکی زانستی بەخۆوە گرت ، ئەویش لەسەردەستی زماننااسی سویسری ( فردیناند دی سۆسێر) کە دواتر نازناوی باوکی زانستی زمانەوانی هاوچەرخی پێ درا ، هەرچەندە ئەم زانایە بە درێژایی ژیانی گرنگی بە ڕەوشی مێژووی زمانەوانی دابوو کەچی ئەو بەشەی کە لە کۆتایی ژیانیدا بۆ توێژینەوەی ئێستایی تەرخانی کرد ڕۆڵێکی ڕیشەیی لە کۆششە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا هەبوو  پێش ئەوەی توێژینەوەکە بڵاوبکاتەوە کۆچی دوایی کرد ، دواتر دوو قوتابی ئەم زانایە هەموو ئەمانەیان تۆمارکرد لە پەرتوکێکدا**

چاپیانکرد و ناویان نا( چەند وانەیەک لە زمانەوانی گشتی) ئەم پەرتووکە بە شۆڕشێک لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەکان دادەنرێت.

ئەم گرنگیدانەی دی سۆسێر بە لێکۆلینەوەی ئێستایی بووە هۆی سەرنجراکێشانی زمانەوانەکان ، زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی بە ناوی (فرانز بواز) لە ئەمریکا پەیدابوو کە توانی بنەماکانی وەسفسازی لە زماندا دابمەزرێنێت لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( زمانە هیندییە ئەمریکییەکان) بە کورتی پرۆگرامە زانستییەکەی خۆی دارشتووە.

زماننناسی ئەمریکی لیۆنارد بلۆمفیلد لە توێژینەوەکانیدا بانگەشەی بۆ پەیرەوکردنی میتۆدی بابەتی بوو وە دورکەوتنەوە لە خودیەت وە بانگەشەی بۆ فراوانخوزی کرد لە کۆکردنەوەی کەرسەی زمانی وە لێکۆلینەوەی زانستی ڕێکو پێک ئەنجامبدرێت.

لە دوای ئەو چۆمسکی رەخنەیەکی توندی ئاراستەکرد دەیوت کە ئێمە چەند لە کۆکردنەوەی کەرسەی زماندا فراوانخوازبین ئەوا کارەکانمان هەموو پێکهاتەی زمان ناگرێتەوە چونکە قسەکەر لە توانایدا هەیە کە چەند پێکهاتەیەک دروست بکەن کە پێشتر گوێیان لێ نەبووبێت . بەم شێوەیە گرینگیدان بە بنەماکانی سیستەمی زمانەوانی دەستی پێکرد کە توانای قسەکەر لەسەر بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری ڕستە زمانەوانییەکان شرۆڤە دەکات . ئەویش بە پشتبەستن بە ژمارەیەکی سنورداری بنەماو ڕێسا زمانەوانییەکان.

**جیاوازی زمانەوانی نوێ و دێرین/**

**١- زمانەوانی دێرین کۆن / پێوانەییە دەقی نوسراو دەکرا بە بنەما و پێوانە بۆ لێکدانەوەی یاسا ڕێزمانییەکان    زمانەوانی نویَ/ وەسفییە**

**٢- زمانەوانی دێرین نوسین بنەمابوو... زمانەوانی نویَ پشت بە ئاخاوتن دەبەستێ کار لەسەر نوسین ناکات  چونکە نوسین ناتوانی وردەکاری دەنگی بگوازێتەوە هێزو ئاواز.....ئاخاوتن لە مێژوو لە پیشترە**

**٣- زمانەوانی دیرین دیاردەی زمانی دەکەراندەوە بۆ لاتینی ..... زمانەوانی نویَ بە یەکسانی سەیری دیاردەکانی زمانی دەکاتت.**

## زمانەوانی لای کورد

**ئەگەر سەیری مێژووی زمانەوانی کوردی بکەین ، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەویَ کە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی زۆر درەنگ دەستیپێکردووە ، زاناکان لە نووسینەکانیاندا زیاتر پشتیان بە زمانی عەرەبی دەبەست ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر کوردێک نامەیەکی بنووسیبووایە ، ئەوا بەزمانی عەرەبی دەینووسی.**

**هاتنی ئیستعماری ئینگلیزی گۆڕانکاری لە عەقلیەتی کوردی دروست بوو ، ئەوانەی دەستێکی بالآیان لەم گۆڕانکارییانە هەبوو ، بریتی بوون لە:**

**-یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردی بەناوی (مختصری صرف ونحوی کوردی)لە ساڵی( 1928( لەلایەن (سەعید صدقی کابان)ەوە دانراوە ، هەریەک لە( تۆفیق وەهبی نوری عەلی ئەمین) یش کاریان لەسەر ڕێزمان کردووە**

**-لە سۆڤیەتیش لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان ئەنجام دراوە لە لایەن (قەناتی کوردۆ ومینۆرسکی ) ، بەلآم بە زمانی ڕوسی بوو.**

**(تۆفیق وەهبی) یش لە ساڵی( 1929 ) (قەواعیدی زمانی کوردی) دانا.**

**-لە دوای سی و چلەکانیشدا (نوری عەلی) یش پەیدابوو ، لەساڵی( 1968) بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە ئەو کەسانەی بابەتی زمانیان دەگوت برتی بوو لە بەرهەمەکانی (تۆفیق وەهبی) ، لەگەڵ هەموو ئەمانش هێشتا لێکۆڵینەوەکان شێوەی ئەکادیمی وەرنەگرتبوو ، بەڵکو سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان.**

## زمانی کوردی لەرووی مێژووەوە

**زمانی کوردی لەدید و بۆچوونی زمانناسی و مێژوویی یەوەلە لقەبەهێزەکانی بنەماڵەی هێندۆئۆروپییە لەسەر بنچینەی هێندوئوروپیی رواوە. ئەم زمانەبەهۆی نزیکایەتییێکی زۆرەوە لەو دووبنەماڵەنزیک دبێتەوەو بەلقەگەورەکانی زمانی ئاریایی وەکوو مادی کۆن و پارسی کۆن.**

**چەندان بەڵگەودکۆمێنتی عەقڵی و زانستی هەن کەراستەوخۆ ئاماژەبەوەدەکەن کەزمانی کوردی ئەمڕۆ پاش ماوەی ئاڵوگورەکانی زمانی مادیی‌یە. لەوەی کەزمانی کوردی ئەمڕۆ دەقاودەق پاش هەندێک ئاڵوگۆڕ دەچێتەوەسەر زمانی مادی و لەوێوە سەرچاوەدەگرێت. گومانی تێدا نی‌یە. یەکێک لەو بەڵگەو دکۆمێنتانەی کەڕاستەوخۆ زمانی کوردی ئەمڕۆ گرێدەدات بەزمانی مادیی کۆنەوە:**

**- جوگرافیایی و ژینگەی مادییەکانە لەگەڵ تەواوی ئەو ئەوشوێنانەی کەئەمڕۆ لەخۆرهەڵاتدا جێگای ژیانی کوردانەو بەکوردستان دەناسرێت.**

**- یەکێکتر: هەبوونی ژمارەیەکی زۆر وشەی کۆن لەهەموو لق و دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەمڕۆدا کەهیچ پەیوەندیی و هاوبەشێکی دەنگی و رواڵەتی و واتایی یان لەگەڵ هیچ کام لەلقی زمانەکانی «ئیرانی» ئەمڕۆ دانییە.**

**ئەگەرچی زمانی کوردی بەبەراورد لەگەڵ زمانانی ناوچەکەدا وەکوو عەربی، تورکی، فارسی و ئەوانی‌تر لەفارسییەوە نزیکترە هاوبەشێیەکی‌بەرچاو لەنێوانیاندا دەبینرێت. وەکو «گارتسۆنی»**

یەکەم کەس کەرێزمانی کوردی لەساڵی ١٧٨٧دا بڵاوکردەوە زۆر جەخت لەسەر ئەم بابەتە(نزیکایەتی زۆری زمانی کوردی بەفارسیەوە) دەکات. ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ دوو شت:

یەکەمیان/ زمانی کوردی و فارسی سەر بەهەمان چڵی زمانەئێرانیەکانەو سەدان و بگرەهەزاران وشەی ئاوێتەو هاوبەشیان پێکەوەهەیە. بەڵام زمانانیتری ناوچەکە وەکو عەرەبی و تورکی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کوردیدا نایەتەوە.

دووەمیان: چونکە کوردستان سەرچاوەی ئایینی زەردەشتە، ئاڤێستا ئایینی زەردەشتیش ئایینی هاوبەشی نەتەوەکانی ئەو سەردەمەیوون بەکورد و فارسەوە، ئەم دوو خاڵەهاوبەشە کە لەنێوان کورد و فارسدا هەن و هاوهەستێکی کولتووری لەنێوانیاندا پێکهێناوە لەنێوان کورد و نەتەوەکانیتردا نین. بەم پێیەزمانی کوردی لەناو لقەزمانەکانی ئارياييدا زمانێکی تەواو سەربەخۆیەو لەهیچ یەک لەزمانەکانیتر وەرنەگیراوە.

تێبینی/ ئاوێستا ناوی کتێبی ئاینی زەردەشتە.مێژووی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ 1500 پ.ز دەربارەی ئەو زمانەی کە ئاوێستای پێ نوسراوەتەوە بە زمانی مادییە چونکە زەردەشت بە زمانی باوک و باپیرانمان قسەی کردووەو ئاوێستاش هەر بەو زمانە نووسراوە. بەڵام بە درێژایی رۆژگار ئەم زمانە لەناوچووەو وەکو زمانی قسەکردن نەماوە، بەڵکو تەنیا وەک زمانێکی ئاینی ماوەتەوە.

ئاوێستا لەسەردەمی مادەکاندا نوسراوەتەوە، زمانی مادەکان هەر ئەو زمانەیە کە ئاوێستای پێنوسراوەتەوەو دەتوانین بڵێین زمانی کوردی ئێستا لەزمانی مادەکان ماوەتەوە.

## قۆناغەکانی زمانی کوردی

### ١- زمانی کوردی کۆن (دێرین)

دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیەکان سەدەی (700- 550 پ.ز) .کۆنترین بەڵگەی نووسراو ( ئاڤێستا) ی زەردەشتە، پیتەکانی لە چەپەوە بۆ ڕاست نووسراون، ژمارەی پیتەکانی (60) پیتە.

### ٢- زمانی کوردی ناوەڕاست:

ئەم قۆناغە لە زنجیرەی پاشایەتی ئەشکانییەکان دەست پێدەکات کە بە پەهلەوی ئەشکانی بە ناوبانگە ، لەساڵی (200 پ.ز) دەست پێدەکات.

### ٣- زمانی کوردی شێوەزار:

- لە ماوەی سەدەی حەوتەم وهەشتەم تەنیا زمانی ئاخاوتن بووە نەک زمانی ئەدەبیات و نووسین.لەو ماوەیەدا کورد زمانان روویان کردۆتە زمانی عەرەبی یا زمانی فارسی وەکو زمانی نووسین. لە سەدەی نۆیەمی زایین گەڕاونەتەوە سەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی وئەدەبیات:

- فیردەوسی شانامەی لە سەدەی نۆیەمی نووسیووە.
- باباتاهیری هەمەدانیش دوو بەیتیەکانی بە شێوەی لوڕی نووسیوە

### ٤- قۆناغی نوێی زمانی کوردی

ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە وەکو مێژووی دەستپێکردنی زمانی نووسین بە کوردی نوێ دابنێین ، وقۆناغی بژارەکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە.

**كە پێش قۆناغی هیندۆ ئێرانی  سەردەمی کۆنتریان دیاری کردووە ، ناکرێ ئەو هەموو نەتەوانەی کە لە سنووری جوگرافیای کوردستان بوونە لەبەر چاو نەگیرێن وەک نەتەوەکان.**

**١- سەردەمی هەرە دێرین: کە لە یەکەم جاردا واتە لە زوودا زمانی کوردی لە پەلی ئێرانی نەبووە**

**٢- سەردەمی دێرین  : کە لە بەردەنووسەکانی رێنووسی بزماری دەست پێدەکات و بەرهەمی ئاڤێستاش لە خۆی دەگرێت.**

## سەرچاوەکان

١- عبدالواحید مشیر دزەیی( ٢٠٢١ )زمانەوانی گشتی.

٢-عەبدوڵا حوسێن رەسول( ٢٠١٥ ) چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی .

٣-نەریمان عەبدوڵا خۆشناو ، فێردینان دي سوسێر کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی.

٤- بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤) چەندلایەنێکی زمانەوانی ،چاپی یەکەم.

٥- نەریمان عبدللە خۆشناو ، تیۆرو ڕێبازەکانی زمان ، (2016) چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر

٦- سەلام ناوخۆش ، نەریمان عبدولا خۆشناو ، زمانەوانی بەرگی هەشتەم ، (2011) ، چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر.

٧ -سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی , بەرگی (1,2,3) ،, , چاپخانەی ئاوێر, هەولێر , 2010

٨ -محمد محمد یونس علی وەرگێرانی نەریمان عبدولا خۆشناو ، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی (2010) چاپی یەکەم.

٩ -وەرگێرانی نەریمان عبدولا خۆشناو ، کامەران محمد ، قوتابخانە زمانەوانییەکان (2008) چاپی یەکەم.

١٠ -تالیب حوسێن عەلی , زانستی زمان و زمانی کوردی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر , 2014.

١١ -تالیب حوسێن عەلی ، زمان و تایبەتمەندییەکان 2014 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٢ -محمد معروف فەتاح, زمانەوانی , چاپخانەی حاجی هاشم, چاپی دووەم, هەولێر, 2011.

١٣ -یوسف شەریف سەعید , زمانەوانی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , چاپی یەکەم, هەولێر, 2011.

١٤ -عبدوالواحيد مشير دزەيی, زمانەوانی دەروونی , چاپخانەی ئاوێر , چاپی یەكەم , هەولێر,
..2015

١٥ -رەفیق شوانی, زمانەوانی , چاپخانەی موكوریان ,چاپی یەكەم , هەولێر, 2009.

١٦ -سەلام ناوخۆش, زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی كوردی, چاپخانەی منارە, چاپی دووەم,
هەولێر,2010.

١٨ -عەبدولمەناف ڕەمەزان،ئەتڵەسی زمانی (هەرێمی كوردستان بە نموونە)،چاپی
یەكەم،چاپخانەی سپێرێز،دهۆك،2011.

١٩ -عەبدولڕەحمان حاجی مارف،فەرهەنگی زمانناسی ،چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، چاپی دووەم ،
هەولێر ،2014.

٢٠ - غازی عەلی خورشید، زمان و زمانی ستاندارد، گۆڤاری ئاسۆ ، ژمارە (1528)، 1984.

٢١ -نەریمان خۆشناو،زمان و زار،چاپخانەی هێلین ،چاپی دووەم،هەولێر،2011.

٢٢ -محمد علی الخولی, معجم علم اللغه النقری , بیروت ,1982.

٢٣ - محمد علی الخولی, معجم علم اللغه التگبیقی, بیروت ,1986.

-٢٤ The Study of Language ,George Yule, Cambridge University
.Press,5 edition